# چاکسازی و پاکسازی
# یا خەستبوونەوەیەکی زیاتری گەندەڵی

ئەمجەد شاکەلی

ماوەیەکە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگەی میدیاکانی خۆی و کوردستانەوە، خەڵکی کوردستانی بە پرسی "چاکسازی و پاکسازی"یەوە، کە جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا لە ڕۆژی 2004/8/23 لە قەڵاچوالان، جاڕی دا و باسی لێوە کرد و هێنایە گۆڕێ، خەریک کردووە.

ئێمە پێش چوونە نێو ئەو باسەوە و پێش خوێندنەوەی پرۆژەکەی جەلال تاڵەبانی لەمەڕ چاکسازی و پاکسازی، دەبێ پێناسەیەکمان بۆ واژەگەلی چاکسازی و پاکسازی هەبێت! چاکسازی و پاکسازی، کە بە واتای: بیراز، گۆڕانکاری، چاککردن، خاوێنکردن، ڕیفۆرم دێت: کە بە گوێرەی ئێنسیکلۆپێدیای نەتەوەیی ( Natinalencyklopedin)ی سوێدی، دەکاتە گۆڕانکارییەکی جڤاکیی، کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە کاوەخۆ و ئارام و بێ قرە و بێ توندوتیژی و شۆڕش ئەنجام دەدرێت. بیرازکاری، دژەبیراز، سوور لە سەر بیرازکاری، پرۆگرامی بیراز، بیرازدۆست، بیرازی زەوی، بیرازی پارە، بیرازی باج، بیرازی زمان، بیرازی سیستمی هەڵبژاردن، بیرازی گەندەڵیی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی، بیرازی پێکهاتەی دەسەڵات و ڕێگرتن لە سوودوەرگرتن لە پایە و دەسەڵات بۆ قازانجی کەسەکی و خۆدەوڵەمەندکردن، بیرازی ڕادیکالانەی جڤاک، بەڵام بێ شۆڕش. ئەمانە هەموو نموونەیەکی بیراز و گۆڕانکارین، کە بواری سیاسی، ئابووری، جڤاکی و فەرهەنگی دەگرنەوە.

ئەگەر بنۆڕینە هەندێک پاکسازی و چاکسازی و بیرازکارییەک، کە لەم جیهانەدا و لە وڵاتگەلی جیاواز ئەنجام دراون، دکارین ئەم نموونانە پێشان بدەین:

هەرچەندە بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی سەرەوە تەنێ ئەو بیراز و چاکسازی و گۆڕانکارییانەی، کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بێ توندوتیژی و ئارام ئەنجام دەدرێن و دەکرێن، دەکەونە چوارچێوەی بیراز و گۆڕانکارییەوە، لێ من بۆ خۆم پێموایە، بۆ ئەنجامدانی بیراز و پاکسازی و گۆڕان، هەندێک جار و هەندێک ڕەوش و بۆ هەندێک وڵات و کۆمەڵگە، بەکاربردنی تۆبزی و کاری شۆڕشگێڕانە وەک پێویستییەک خۆیان دەسەپێنن.

وەک نموونەش، لەگەڵ برێک سەرنج و ڕەخنە و تێبینیشمدا، دەکرێ <u>شۆڕشەفەرهەنگییەکەی ماو تسیتۆنگ</u>، بخرێتە ئەو چوارچێوەیەوە.

یەکێک لە شاڵاوە چاکسازی و پاکسازی و گۆڕانکاری و بیرازە مەزنەکانی، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویداوە و ئەنجام دراوە، شۆڕشەفەرهەنگییەکەی ماو تسیتۆنگ بوو لە چین. ماو تسی تۆنگ، کە جەلال تاڵەبانی خۆی لە بارەیەوە دەڵێت:"لە خوێندنەوەی کتێبی سێ نووسەر بێزار نابم: لە ڕووی سیاسییەوە ماو تسی تۆنگ..."[1]. ئەو گۆڕانکاری و چاکسازی و پاکسازییانەی ماو تسیتۆنگ، ئەنجامی دا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و بە تۆبزی بوو و هەر لەبەر ئەوەی نێوی شۆڕشی لێ نرابوو، بەپێی پێناسەکەی سەرەوە ناخرێتە چوارچێوەی بیرازکارییەوە. شۆڕشی پرۆلیتاری فەرهەنگیی ماوتسیتۆنگ، مەزنترین ململانێیەکی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا بوو لەنێو پارتیی کۆمۆنیستی چیندا، کە لە نێوان 1966-1976ی خایاند. ئەو شۆڕشەفەرهەنگییە دژ بە خەڵکانی لادەر و ناشۆڕشگێڕ و دژەشۆڕش بوو، کە دەیانەویست چین بەرەو سەرمایەداری ببەن و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەهێڵن و بیکەن بە دیکتاتۆریی بۆرژوازی. ئەو شۆڕشەفەرهەنگییە خەڵکانێکی خاوەن جێگە و پایەی بەرزی نێو کۆمەڵگەی گرتەوە و ئەوانە ڕاوەدوو نران و لەکارخران و تا ڕادەی لەنێوبردنیش بەرەوڕوویان بوونەوە. ملانێی نێوان دەستەگەلێکی جیاواز لەنێو پارتیی کۆمۆنیستدا بوو بە هۆی پێکدادان لە گەلێک لە شارەکانی چیندا. لەشکری لاوان و پاسەوانانی سوور، کە لەگەڵ ماو تسی تۆنگدا بوون و پێڕۆی بیروباوەڕی وی بوون، هێرشیان کردە سەر ئەو کەسانە و ئەو شتانەی، کە خۆیان بە نیشانەی بیری کۆن و فەرهەنگی کۆنیان دادەنا و ئەوەش بووە هۆی تێکدان و لەنێوبردنی زۆر گەنجینەی فەرهەنگی، کە ئەوە کارێکە من بۆ خۆم بە باشی نازانم و لەگەڵیدا نیم. شۆڕشی فەرهەنگی سیستمی خوێندن و بارهێنانیشی گرتەوە و چالاکی سیاسیی جێگەی وانەخوێندنی گرتەوە و زۆرێک لە وانەی، کە خوێندنی بەرزیان خوێندبوو، نێردرانە گوندان و نێو کێڵگە و کاری کشتوکاڵ و وەرزێری، بۆ ماوەی دوورودرێژ. لاوان و پاسەوانانی سوور، هەموو ڕەوتار و کارێکیان بە گوێرەی "کتێبی سوور"ی ماو دەکرد و ئەنجام دەدا. چڕترین ساڵانی ئەو شۆڕشەفەرهەنگییە 1966-1968 بوو. لە 1976دا ماو کۆچی دوایی کرد و لە 1978دا دێنگ سیاوپینگ دەسەڵاتی گرتەدەست و ئیدی ئەو شۆڕشەفەرهەنگییە نێو نرا"دە ساڵە درێژەکەی کارەسات".

یەکێکێکی دیکە لەو بیراز و گۆڕانکارییە مەزنانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویدا ئەوەیە، کە بە سەر یەکیەتیی سۆڤیێتدا هات، کاتێک میخائیل گەرباچۆڤ"Michail Gorbatjov"، لە ساڵی 1985دا دەسەڵاتی گرتە دەست و بوو بە کەسی یەکەمی ئەو وڵاتە. بیراز و گۆڕانکارییەکانی گەرباچۆڤ، لە سێ خاڵی سەرەکیدا وەدەرکەوتن: پەرێسترۆیکا: ڕێکخستنەوەی ئابووری و گۆڕینی لە گەشەکردنێکی ناچڕ و ناخەستەوە بۆ ئابوورییەکی چڕ و خەست و پەرەپێدان و پترکردن و گرنگیدانی زیاتر بە بەکاربردنی میکانیزمی ئابووری بازاڕ.

[1] الاتحاد، العدد 866، الاحد 2004/10/31.

گلاسنۆست: کراوەییەکی زۆر و پتر لە میدیا و ژیانی فەرهەنگییدا.
دیموکراتاندن(دیموکراتیزاسیا): لیبرالاندی سیاسەت.
مەبەستی گەرباچۆڤ، لە چالاکییە بیرازخوازییەکەی، چاکسازی و بیراز و گۆڕانکاری و کاراکردن و چالاککردنی سیستمی سۆڤیێت بوو لە نێو چوارچێوەی سیستمەکەی خۆیدا، کە هەیبوو و بەو پرۆژەی بیرازەی گەرباچۆڤ، کراوەیی و گۆڕانێکی لەبەرچاوی لە یەکیەتیی سۆڤیێتدا هێنایە گۆڕێ. هەرچەندە لە دواییدا کۆنترۆڵی لە دەست دەرچوو و باری سۆڤیێت بە شێوەیەکی دیکە گۆڕا، بەڵام هەوڵەکانی گەرباچۆڤ بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤیێت لە 1991/12/31 دا و ڕووخانی دیواری بەرلین و تێکچوونی بلۆکی وارشۆ و هاپەیمانانی سۆڤیێت و لە نێوچوونی بەرەی بەنێو سۆسیالیزم.
گەورەپیاوێکی دیکە، کە چاکسازی و پاکسازی ئەنجام دا، نێلسۆن ماندێلایە. ماندێلا دوای 28 ساڵ زیندانی لە 1990دا ئازاد کرا و لە 1994دا لە لایەن گەلانی ئەفریقای خوارووەوە هەڵبژێردرا بە سەرۆککۆمار و ئەو یەکەم پێستڕەش بوو، وەها پایەیەک وەرگرێت. ماندێلا، لەبری تۆڵەسەندنەوە و ڕاوەدوونانی سپیپێستانی وڵاتەکەی، کە ڕەشپێستانیان دەچەوساندەوە و لە بچووکترین ئازادی بێبەشیان کردبوون و بۆ خۆیشی 28 ساڵان زیندانیی دەستی ئەوان بوو، جاڕی ئاشتبوونەوە و پێکهاتن و بەخشینی گشتی دا و تەبایی و داد و یەکیەتیی وڵات و گەلانی وڵاتەکەی پاراست و سیستمی "ئەپارتاید"ی بەدناوی لە گۆڕ نا و وڵاتی گۆڕی بۆ وڵاتی هەمووان.
ئەو نموونانەی سەرێ جۆرە بیراز و گۆڕانکاری و پاکسازی و چاکسازییەکن، کە لە سەرەوە بۆ خوارێ ئەنجام دەدرێن، واتە: کەسێکی دەسەڵاتدار، کە زۆرجاران سەری دەسەڵاتە، بڕیاری ئەو جۆرە گۆڕانکارییە دەدات و پێیوایە بەوە وڵاتەکەی، پارتییەکەی، کۆمەڵگەکەی، گەلەکەی، کارگێڕییەکەی دەگۆڕێت بەرەو چاکتر و لە کۆمەڵێک دەرد و خراپی و ناخاوێنی و خراپەکاری پاکی دەکاتەوە. جۆرێکی دیکەی گۆڕانکاری و چاکسازی و پاکسازی و بیراز هەن، کە دەستەیەک یا کۆمیتەیەکیان بۆ دادەنرێت و ئەو دەستە یا کۆمیتەیە زۆرجاران بێلایەن دەبن، ئەگەر نا ئەوا نوێنەری تەواوی دەستە و حیزبی سیاسی و کۆمەڵە و ڕێکخراوی جڤاکی و چین و توێژ و سەندیکا و هەموو نەتەوە و گەل و ئایینەکانی وڵاتێک دەبن و زۆرجارانیش ئەو دەستەیە لە خەڵکانی توانا لە بواری سیاسەت و قانوون و ئابووری و جڤاکی و فەرهەنگی و ئایینی و.. پێک دێن. هاتنەگۆڕێی وەها بیراز و گۆڕانکارییەک، گەلێک جار لە ئەنجامی ڕەخنە و ناڕەزایی و تووڕەبوون و ڕاڵێنەبوونی خەڵکەوە پەیدا دەبێت و وەک پێویستییەک خۆی دەسەپێنێت. هەندێک جار ئەو گۆڕانکارییانە، کە نێوی بیراز و چاکسازی و پاکسازییان لێ دەنرێت و لە سەرەوە لە لایەن ڕێبەر و سەرۆکی دەسەڵاتەوە جاڕی بۆ دەدرێت، بە مەبەستی پێچەوانە و بۆ لەنێوبردن و دوورخستنەوە و وەلانانی نەیارانی دەسەڵات و ڕێبەری دەسەڵات دەهێنرێتە گۆڕێ، وەک ئەو

کارانەی، کە سەددام حوسەین بەرانبەر بە نەیارانی خۆی دیکرد و هەر جارەو کۆمەڵێکی لێ قڕ دەکردن.

جەلال تاڵەبانی لە جاڕدانی پاکسازی و چاکسازییەکەیدا، جەختی لە سەر چەند خاڵێک کردووە، کە خەستییەکی نێوەڕۆکی ئەو چاکسازی و پاکسازییەی، دەدەرێنن و دەشێ لە فرەلاوە دەمەتەقەی لە سەر بکرێت.

ئەو دەڵێ:"ئەو کەسانەی شتیان لەسەر ساغدەبێتەوە دەیاندەینە دادگاو حوکمی قانون بەدژی خۆشمان قبوڵ دەکەین"[2].

ئەگەر ئەو کەسانەی شتیان لە سەر ساغ دەبێتەوە، وەک جەلال تاڵەبانی دەڵێ، بدرێنە دادگا، ئەوا گەرەکە تەواوی خەڵکانی کارای حیزبی و لەشکریی نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرس و کارگێڕانی حوکوومەتی یەکیەتیی نیشتمانی، کە بە هەموویان تەواوی کارا و هەڵسووڕێنەرانی نێو حیزبەکە پێک دەهێنن _ دەگرێتەوە_ بدرێنە دادگا، چونکە بە دەگمەن هەیە لە نێو ئەوانەدا کارێکی دژەقانوونی نەکردبێت. ئەگەر کوشتن، دزی، بەرتیلخواردن، چەپاو، داگیرکردنی ماڵ و سامانی خەڵک، زەوتکردنی ژن و کچان، درۆهەڵبەستن بۆ خەڵکی بێتاوان، بەرپاکردن و هاندانی جەنگی نێوخۆ و کوردکوژی، سیخوڕیی بۆ دەسگا جاسووسییەکانی نەیارانی کورد، زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی خەڵک، نانبڕینی خەڵک، دەرکردنی خەڵک لە کار و دانانی خەڵکی دیکەی ناشایستە لە شوێنی ئەوان، پامالکردنی زەوی، پاوانکردنی دەسەلات و دەیان تاوانی دیکە، کاری ناقانوونی بن و شتگەلێک بن، کە ساغبوونەوەیان لە سەر کەسێک، ئەو کەسە بداتە دادگا، ئەوا کێ بێت لە سەرانی ئەو حیزبەی جەلال تاڵەبانی نەدرێتە دادگا؟ بەلام لە ولاتێکدا وەک ئەوەی، کە جەلال تاڵەبانی فەرمانڕەوایەتی و دادگاکان حیزبی دەسەلاتدار بۆ خۆی دایاندەنێت و دەسەلاتی دادگایی لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی سیاسی و جێبەجێکردن و حیزبدا بێت، چ دادگایەک هەیە بتوانێت یا تەنانەت بیەوێت خەڵکانێکی لەو جۆرە دادگایی بکات! چ قانوونێک لەو ولاتەدا هەیە، کە بتوانێت خۆی بە سەر دەسەلات و حیزبی دەسەلاتدا بسەپێنێت، ئەگەر ئەو قانوونە حیزبی دەسەلاتدار بۆ خۆی دایینابێت! چ قانوونێک هەیە بتوانێت جەلال تاڵەبانی و سەرانی حیزبەکەی بگرێتەوە و لێیان هەڵپێچێتەوە، ئەگەر ئەوان بۆ خۆیان سەرەوەی قانوون بن و بۆ خۆیان قانوون بن! چ کەسێک دەتوانێت بە وەها بانگاشەیەک بڕوا بکات! ئەگەر تاڵەبانی حوکمی قانوون بە دژی خۆیشیان قەبووڵ دەکات، با دەستەیەکی بێلایەن لە خەڵکانی ناحیزبی و شارەزا و کەسانی سیاسی و جڤاکی و ئایینی و فەرهەنگی و ئەوانە پێک بهێنرێت و بە هیچ جۆرێک دەستنەخرێتە کاریانەوە و تەواوی ئازادییان هەبێت، خڕبنەوە و ئەوان دەرگای ڕەخنە و گازندە و لێهەڵپێچانەوە و داخوازی، بۆ خەڵک بخەنە سەر پشت و بە ئاشکرا خەڵک، بەبێ ئەوەی هیچ ترسێکی لەدڵدا بێت و لە هیچ شتێک بسڵەمێتەوە و لەوەش دڵنیا بێت، کە سبەی ڕۆژێ تۆڵەی لێناکرێتەوە، ئەوەی

---

[2] ردسانی ن ث، ژمارة 3454، سد ةممة 2004/8/24.

هەیەتی لە سەر ئەو دەسەڵاتدارانە بیلێت، جا ئەودەمی وەرە دیاری هەڵسووڕێنەرانی حیزب و حوکوومەتەکەی جەلال تاڵەبانی و بزانە چییان لە سەر دەکرێتە ماڵ! ئەو دەمی دەکرێ بگوترێ، شت لە سەر ساغبوونەوە و حوکمی قانوون چ دەگەیەنێت.

لە شوێنێکی تردا تاڵەبانی دەڵێ:"حکومەت حکومەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، هەموو کوردێک حەقی هەیە لەدامودەزگاکان بەشداربێت، بەپێی کەفائەتی خۆی شوێنی خۆی بگرێت"[3].

حوکوومەت کاتێک حوکوومەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، کە خەڵکی کوردستان بۆ خۆیان هەڵیانبژادبێت و بتوانن لەکاری بخەن و دایبنێنەوە و هەڵیوەشێننەوە و هەرچی ڕەخنەیە لێی بگرن . ئەو حوکوومەتەی جەلال تاڵەبانی، کە یەکیەتیی نیشتمانیی بۆ خۆی دایناوە و بۆ خۆی دەیگۆڕێت و ئەو لادەبا و ئەوی دی دەخاتە شوێنی، چ پرسێک بە خەڵکی کوردستان کراوە لەو بارەوە! کە پرس نەکراوە و خەڵکی کوردستان هیچ ڕۆڵێک لەو کارەدا نابینن، ئیدی ئەوە کەی دەبێتە حوکوومەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان! هەموو کەسێکی کوردیش چاک دەزانێت، کە ئەگەر هەموو کوردێک بە پێی لێزانین و شارەزایی و توانستی خۆی، مافی بەشداربوونی لە داوودەسگاکاندا هەبێت وەک جەلال تاڵەبانی دەڵێت، ئەوا ئەو مافەی پێ ڕەوا نابینرێت و وا نییە وەک ئەو "بەهاری هێناوەتە چۆکان". لەو دەوڵەتۆکەی جەلال تاڵەبانی و تەواوی کۆمەڵگە حیزبێنراو و چڕەدەسەڵاتەکان، هەرگیز توانست و شارەزایی و لێزانین و پسپۆری، پێوەری کاروەرگرتن نین، بەڵکە لەگەڵ حیزبدابوون و سەربە کەسێکی دەسەڵاتدار بوون و نێزیکایەتیی لە بەرپرس و کارگێڕی حیزبی و کارمەندێکی بەرزی حوکوومەت و خۆبردنەپێشەوە و خزمەتی زیاتر کردن بە دەسەڵات و سەرانی دەسەڵات و بانگهێشتن و بەرتیلدان و دۆستایەتیی کەسەکی و نێزیکایەتیی خزمایەتیی و...، دەبنە هۆی بەشداربوون لە داوودەسگادا و دەبنە هۆی شوێنوەرگرتن و هەرگیز کەسیش بە "کەفائەت"، وەک تاڵەبانی دەڵێت، پێناگات و لە کاردا بەربە هەوراز هەڵناکشێت.

جەلال تاڵەبانی دەڵێ:"پاکسازیی دەبێ لەسەرەوە دەست پێبکات، نەک لەخوارەوە"[4].

ئەگەر پاکسازی لە سەرەوە دەستپێبکات، خۆ دەبێ لە سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و دەستەی سەرکردەیەتی و کارگێڕانی مەڵبەند و هەڵسووڕێنەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی حوکوومەت و وەزیرەکان و بەڕێوەبەر و کارگێڕە مەزنەکان و سەرلەشکر و ئەفسەر و پایەبڵندانی لەشکر و هەموو کەونەجاش و کەونەبەعسی و کەونەسیخوڕ و کەونەکوردکوژ و کەونەهەنبانەی ئاگری جەنگی نێوخۆخۆشکەرانەوە دەستپێبکات و لەوێڕا بەرەو خوار شۆڕبێتەوە تا دەگاتە دواکەسێک، کە سەرەپەتێکی بە دەستە.

---

[3] سەرچاوەی پێشوو.
[4] سەرچاوەی پێشوو.

ڕواندا، وڵاتێکە لە ئەفریقا و لە ساڵی 1962ەوە سەبەرخۆیە. دانیشتووانی نێزیکەی حەوت میلیۆن کەس دەبن. تەواوی مێژووی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە، جەنگێکی نێوخۆی خوێناویی نێوان دوو گەلە سەرەکییەکەی دانیشتووانی، (هووتوو) و (توتسی) بووە. لە ساڵی 1994دا ئەو جەنگە گەیشتە ترۆپک و بوو بە هۆی کوشتنی نیو میلیۆن کەس و ئاوارەبوونی دوو میلیۆن کەسێک. لەم ساڵانەی دواییەدا ئەو جەنگە خامۆش بووە و ئاشتیی کەوتە وڵاتەوە و ئیدی باسی جەنگ و ڕەشەکوژی و قڕانی خەڵک و کاری دژەمرۆڤیی و دادگاییکردن و سزادانی تاوانبارانی جەنگ، هاتە گۆڕێ. بۆ ئەوەش چەندین کۆمیتە و دەستە ساز کران بو هەڵپێچانەوە لەو خەڵکانەی بەشداربووی کوشتار و کارە ناڕەواکان. جڤینی گەورەگەورە ساز دەکرا و خەڵکی گوندێک یا گەڕەکێک یا کۆمەڵگەیەک خڕ دەکرانەوە و کۆمیتەکە ناوی یەکێک لە تاوانبارانی بانگ دەکرد و کابرا لە پێش ئەو خەڵکەدا ڕادەوەستا و کۆمێتەکە ناو و تەمەنی کابرایان دەگوت و پاشان کابراش بۆ خۆی نێوی خۆی دەگوت و ئەوجا داوا لە خەڵک دەکرا بۆ ئەوەی هەرکەسێک ئەگەر شتێکی لە سەر ئەو کابرایە هەیە، یا شتێک لە بارەیەوە دەزانێت، یا تاوانێکی لەهەمبەر خۆی یا کەسێکی دیکە کردووە، یا ئاگادرە لە کارێکی خراپی وی، با بێتە پێشێ و قسەی خۆی بکات و باسی ئەو تاوانە بکات و کۆمیتەکە و خەڵکەکەش لەو کارە ئاگادار بکاتەوە. ئیدی خەڵک هەڵدەستان و ڕاستەوخۆ شتی خۆیان لە سەر ئەوانەی تاوانباران دەگوت و ئاشکرا دەکرد و کۆمیتەکەش گوێیان بۆ قسەکانیان ڕادەدێرا و تەواوی ئەو دیتن و گەواهییانەشیان تۆمار دەکرد. ئەوەی لەوێ دەکرا، جۆرێکی دیموکراتی ڕاستەوخۆ و دەسبەجێیە، کە خەڵک دەتوانێت بە ئاشکرا و بێ ترس و بێ گوڵماندن و تەتەڵەی زمان قسەی خۆی بڵێت.

ئایا وەها پرۆسێسێک، دادگاییکردن یا ئاشکراکردن و لەنێو خەڵکدا لێهەڵپێچانەوە و لێکۆڵینەوە، لە نێوەندی دەسەڵاتی جەلال تاڵەبانی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا ڕوودەدات؟ دیارە هەرگیز نا، ئەگەر وەها کارێک لەو وڵاتەدا ڕوو بدات، دەکاتە ئەوەی، کە ئەبوزەڕی غەفاری یا غاندی زیندووبوونەوە، یا ماندێلا بووە بە فەرمانڕەوای سلێمانی و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان.

پاکسازی و بیراز و گۆڕان، کەسێک یا کەسانێک دەتوانن جاڕی بۆ بدەن و وەئەنجامی بگەیەنن، کە بۆ خۆیان هێندەی ڕێزەیەک پۆخڵی و شەخەڵ و گەندەڵی لە ڕێڕۆی ژینانیاندا نەبووبێت و نەبێت و تەواوی کاغەزەکانیان بە کراوەیی بخەنە سەر مێزێ و تەواوی سامان و پارە و پووڵیان تا گچکەترین شت لەکن خەڵک زانراو و ئاشکرا بێت. خودان پارە و دەوڵەمەند و ساماندار، هەرگیز ناتوانن پاکسازی و چاکسازی بکەن، چونکە ئەوان بەرچاویان ناڕوونە و تەنێ لە گۆشەی پارە و بەرژەوەند و سامانەوە لە ژیان و جڤاک و سیاسەت و ئابووری و...دەنۆڕن و پەردەیەک بەرچاویانی گرتووە، کە لادانی گەلێک سەختە، چونکە دەکاتە پووکانەوە و ژاکان و مایەپوویی خۆیان.

هێنانەگۆڕێی وەها باسێک، وەک "بیراز و پاکسازی و چاکسازی و گۆڕانکاری و نەهێشتنی گەندەڵیی" لە وڵاتێکدا، کە گەندەڵیی وەک خوێن بە تەواوی ڕەگەکانی ژیاندا دەڕوات و شێرپەنجەئاسا تەواوی شانەکانی کارگێڕی و ئابووری و حیزب و سیاسەت و حوکوومەت و دەسەڵات و تەنانەت پێکهاتە فەرهەنگی و جڤاکییەکانیشی گرتووەتەوە، لە لایەن کەسانێکەوە، کە خۆیان بەشێکی سەرەکی بن لە گەندەڵییەکە، بۆ ئەوەی گچکەترین گۆڕانیان بەسەردا بێت، هەرگیز لە خەستبوونەوەیەکی زیاتری گەندەڵییەکە، هیچی دیکە ناگەیەنێت.

گۆڕان و بیراز و چاکسازی و پاکسازی، سەرکردەیەک یا ڕێبەرێک یا حیزبێکی سیاسی دەتوانێت جاڕی بۆ بدات و کاری بۆ بکات و بگەیەنێتە ئەنجام، کە بۆ خۆی وەک خەڵکی وڵاتەکەی بێت و وەک ئەوان بژی و خودانی هیچی لەوان زیاتر نەبێت و بە موویش لەوان جیاواز نەبێت و دادوەر و ڕەواکار بێت، دەنا ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم گوتەنی:"هەر سەرکردیەک نادادوەر بێت لەگەڵ دزدا وەک یەکن".

2004/11/13